# شلەژانی رۆژهەڵات ، شڵەژانێکی نا عەقلآنی



دنیای ئەورۆك دنیای ئازادی رادەربڕین و رەخنە بنەماییەکانە لە هەموو شتێك. دنیای تەکنۆلۆژیا وگەڕانەوەی دەسەڵاتە مێتافیزیایەکانە بۆ مرۆڤ. دنیایەك کە پیرۆزیەت لە بەرزاییەکانەوە دەهێنێتە خوارەوە وبە شێوەیەکی سنووردار ئەیداتەوە دەست مرۆڤەکان. ئیتر سەردەمی رەها بوون تێپەڕیوە وگشت چەمکەکان بەرێژەیی کاریگەری خۆیان دادەنێن و هەنووکە سەردەمی لۆجیك و زانستە، سەردەمی رێزگرتنە لەبەها ئینسانیەکان. ئەم وتارە خوازیاری بەراورد کردنی هەردوو ئەو دنیایانەیە کە هەر لەسەرەتای مێژووی مرۆڤایەتیدا هەتاوەکوو هەنووکە جۆرێك لە ئیستیکاکیەت لە نێو هەردووکیان دا دەبینرێ. لە هەمبەر ئەم مەسەلەیەشدا زەرووریە کە بەراوەرد کردنێك هەبێ لە نێو بوونەوەرەکانی ئەم دوو دنیایە. ئەمانە گشت لە دەلاقەیەکەوە لێیان دەڕواندرێ کە دەمارگیریە ئەویش لە هەمبەر ئەو رووداوانەی دواییدا کە بوە هۆی نائارامیەکی زۆر لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا و لە هێندێ لە وڵاتە ئوورووپاییەکان لە سەر کاریکاتێرەکانی پێغەمبەری ئیسلام.

یەکێ لە پەیامەکانی مۆدێڕنیتە وەك "ئەنتۆنی گیدنز" باسی لێوە دەکات یەکی بوونی زەمان و مەکانە. واتە یەکی بوونی زەمان یەکی بوونی شوێنی بەدواوە هات و ئیتر ئەو چەمکانە تایبەت نەبوون بە ناوچەیەك یا شارستانیەتێك و بوونە هی گشت مرۆڤایەتی. ئیتر ئەم یەکی بوونە لە بەرژەوەندی سوننەت و رێوشوێنە کۆنەکان نەمایەوە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە چوە نێو خانەی بەربەرەکانی لەگەڵ نەریتە سواو وپاشبەرەکانەوە. (هەر ئەم دیاردەیە"یەکی بوونی زەمان و مەکان" لە رێگای رزگاربوون لە کۆت و بەندە باوەکان وکارکردە دەڤەریەکان، کەرەستەی جۆراوجۆری گۆڕان بەڕووی مرۆڤ دەکاتەوە.)(١)

بەجیهانیبوون بەرهەمێکی دنیای مۆدێڕنە کە کارکردێکی گەورەی هەبوە لە هەمبەر گۆڕینی گۆڕەپانی کارکردنی مرۆڤ، هەروەها گەورەترین قازانجیشی هەبوە لە گۆڕینی پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکان. بچووك بوونەوەی دنیا لە شێوەی گوندێکی بچووکدا تەنانەت خۆی لە وردبوونەوەی رووداوەکان و گشتگیربوونیان خۆی بینیوەتەوە و رووداوەکان راستەوخۆ کاریگەریەکانیان لەسەر نەتەوە و مرۆڤەکان دادەنێن وبەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لە گشت کونجەکاندا بڵاوەی لێ دەکەن بەبێ لەبەرچاوگرتنی

جیاوازییەکان. ئیتر دنیایەك دێتە کایەوە کە دامەزراوەکان بە لایەنەکانەوە ئیتر لە بەرژەوەندی هێزە میتافیزیکیەکان کار ناکەن، بەڵکوو دەگەڕێن بەدوای ئاشکرا کردنی ماهیەتی میتافیزیك و وردکردنەوەی لە شێوەی زانستێکی دەستکردی هەتاوەکوو سوودی لێوەرگیردرێ لە پەرەپێدانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی. هەرچەند ئەم گۆڕانە هەروا سانا و سووك نیە بەڵکوو پێویستی بە تێکۆشان و هەوڵدان هەیە و لێرەدا ئەتوانم بە پێچەوانەی "کارل پۆپێر" کە دەڵێت:(هیچ نەوەیەك نابێ ببێتە قوربانی بۆ نەوەی داهاتوو)(٢) بڵێم کە دەبێ ئێمە ببینە قوربانی بۆ نەوەی دوای خۆمان، چوونکە شەڕی ئێمە لەگەڵ یۆتۆپیایە و یۆتۆپیاش بەشێکی هەرە گەورەی کۆمەڵگا نەریتی و کۆن خوازەکانە و گۆڕینی ئەمانەش چۆن بە نەوەیەك دێتە بەرهەم. گۆڕانیش لە خودیەتی خۆی دا نایەتە دی ئەگەر بێت و بێ دیالۆگ بێت چونکە پێوەندیەکی راستەوخۆیان پێکەوە هەیەو دیالۆگیش پابەندە بە بەڵگەهێنانەوە. هەرچەند محەمەد ئارکۆن دەڵێت: زۆر کەس باسی دیالۆگی مەسیحی و ئیسلام دەکەن، بەڵام من ئەم وشەیەم پێخۆش نیە، نەك لەبەر ئەوەی دژی دیالۆگم، بەڵکوو لەبەر ئەوەی ئەم وشەیە رەواییەك بەدوو خوداگەراو بە دوو خەیاڵکراوی جەماعی دەبەخشێت کە هەردوو ئەو خەیاڵەیە لە ئاستی وێناکردنە بە میراتبۆماوەکانیانەوە دەچنە ناو پێکدادانێکی راستەوخۆوە. (٣) هەنووکە ئێمە لەنێو دنیایەك داین کە تەواو نەریتی و یۆتۆپیاییە و لە بەرامبەریشمان دنیایەك هەیە کە مۆدێرن و مرۆڤ گەرایە، بۆیە پێویستە سەرەتا لە جیاوازیەکانی ئەم دوو دنیایە تێ بگەین و دواتر بۆ چارەسەرێك بگەڕێین هەتاوەکوو گواستنەوەیەك هەبێ. شرۆڤەی هەردوو دنیا بۆ ئێمە زۆر پێویستە تا بتوانین لە قۆناغی خولانەوەی بێهۆدەیی بگوازرێینەوە بۆ هەڵسووڕانی ئامانجدار.

لە دنیای ئێمەدا هەمیشە **ناکۆتا** سەنتەرە و ئامانج خەیاڵەو تاکەکان چاوەڕوانی بەهەشتێکن کە وێنا کردنێکی خەیاڵاوی هەیەو خولانەوەکەمان بەدەوری مردنەو هەموو دەم تاکی رۆژهەڵاتی لەبەرامبەر وشە گەلی بەهەشت و خۆشی و حۆری و.... دیان شتی تری وەکوو دۆزەخ و سووتان و ئاگر و برین و بێبەری کردن و سزا و ......هەیە کە ئیتر سنوورەکان بۆ مرۆڤ لە چوارچێوەی تەسلیم بووندا دەهێڵنەوە. هیچ کات لە خەیاڵ پەردازیدا شتێك بە ناوی مێتۆدی زانستی بوونی نیە و هەموو شتێك پابەندە بە ئەگەر و ئیحتمالاتەوە. پۆپێر تیۆری یۆتۆپیاگەرایی بە تیۆرێکی ترسناك و فاسدکەر دادەنێت کە لە دواجاردا دەبێتە هۆی توندوتیژی. کاتێکیش دەتوانین لە توندوتیژی دوور بکەوینەوە کە لەبواری کۆمەڵایەتیدا پابەندی تێڕوانینی عەقڵی بین و ئەبێ ئەوەشمان لەبیر بێت کە ئەستەمە لە نێوان دینە یۆتۆپیە جۆراوجۆرەکاندا شتێك وەك لێبووردن و نەرمونیانی بدۆزیتەوە. مانای عەقڵانی لە دیالۆگدا ئەوەیە کاتێك دەڵێیت لەسەر هەقم ئەبێت ئەو مافەش بەخۆت بدەیت کە لەهەڵەشدا بیت. لەمەوبەدوا بابەتەکەمان دەچێتە خانەی شرۆڤەکردنی ئەو دەمارگرژییەی کە رۆژهەڵات لە هەمبەر رۆژئاوادا ئەنجامیدا.

**رۆژنامەی"یولاندز پۆستن"ی دانیمارکی لە مانگی سپتامبەری ٢٠٠٥ دوانزە وینەی کاریکاتێری لەسەر پێغەمبەری ئیسلام بڵاو کردەوە، سەرەتا بەشێوەیەکی وەها دژکردەوەی لێ نەکەوتەوە هەتاوەکوو دووبارە ئەم وێنە کاریکاتێریانە لەلایەن رۆژنامەی"سونیسکا داگبلادت"ی سویدی و"مەگازێنت"ی نەرویجی بڵاو کرانەوە و بەدوای ئەو دەمارگرژییەی رۆژهەڵات و ئەو خۆپێشانداتە بەرینانەی مووسوڵمانەکان و سووتاندنی ئاڵای هەندێ لە دەوڵەتانی ئەورووپی و وەك پاڵپشتی ئەو رۆژنامانە و بە تایبەت یولاندز پۆستنی دانیمارکی، "لائیستامپا"ی ئیتالی و"ئەلپردیکۆ"ی ئیسپانی و"وولکس کرانك"ی هۆڵەندی و"فرانس سوار"ی فڕەنسی دووبارە دەستیاندایە بڵاوکردنەوەی کاریکاتێرەکان و تەنانەت فرانس سواری فڕەنسی کاریکاتێرێکی قەبارە گەورەتری لە لاپەڕەی یەکەمیدا بڵاو کردەوە کە خواکانی یەهوودی ومەسیحی وبوودایی و موسووڵمان لەسەر هەورێکی گەورەوە دەفڕن کە لەو دەمەدا خوای مەسیحیەکان دەڵێت: شکایەت مەکە محەمەد، کاریکاتێری ئێمەشیان پێشتر کێشاوە. تەنها رۆژنامەی "شیهان"ی ئوردونی توانی ئەم وێنانە بڵاو بکاتەوە ئەویش تەنها لەبەر ئەو هۆیە کە (دەبێ خەڵکی بزانن دژ بەچی هەڵدەستنە سەرپێ).(٤)**

کاریکاتێر هوونەرێکی دیاری رۆژنامەوانیە کە بەهێڵ گوزارشتێك دەکات لە بابەتێکی کۆمەڵایەتی یا سیاسی و یا فکری. بەداخەوە لێرەشدا تێنەگەیشتوویيەك هەیە لەنێو خەڵکدا بەگشتی، چوونکە ئەوەندەی کە روخسار دەخوێندرێتەوە نیو ئەوەندە گوێ بە نێوەرۆك نادرێت. راڤەی ئێمە تەنها روخسارە پێکەنیناویەکەیەتی و بەس، بۆیە هەردەم لە هەڵەداین. کاتێکیش وێنەی کاریکاتێری کەسێك دەکێشرێت بە زەوقەوە لێی دەڕواندرێ و دەمان هێنێتە پێکەنین بەڵام کە ئەو شتە رووبەڕووی ئێمە یا پیرۆزیەتێکی ئێمە دەکرێتەوە رەگی لاملمان هەڵدەئاوسێ و دەست و پێی خۆمان ون دەکەین. چونکە هەموو دەم شەخسیەتەکان لە لای ئێمە پلەی باڵایان پێ بەخشراوە و دابەزینی ئەو پلەیە لەلایەن خودی خۆمانەوە یاساغ وحەرامە بە مانا دینیەکەی. ئەم کێشەیە زۆر بەسانایی ئەتوانرا حەل بکرێت و نەکێشرێتە ئەو شوێنە هەستیارانە کە پێوەندیە سیاسی و دیپلۆماتیەکانی نێوان کۆمەڵێك دەوڵەت تێك چێت. ئەمەش بۆ ئازایەتی ئەو دەوڵەتە شەرقیانە ناگەڕێتەوە بەڵکوو راست گەمژەیی وکورت بینیان پێشان دەدات. کورت بینی لە سیاسەتدا زۆر بێمانایانەیە کە هیچ کات لە بەرژەوەندی ئەو دەوڵەتانە تەواو نابێت.

لە رۆژهەڵات دا هەموودەم نەفرەتێك هەبوە کە وێنای مرۆیەکانی ناوی تێك داوە و بە کەسی تیرۆریست و گەمژە وتوندوتیژ نێو بردراون و دواجار پردەکانی پشتە سەری خۆمان رووخاندوە. ئەمەش تەنها و تەنها دەگەڕێتەوە بۆ هۆگەلی وەك: مەرکەز گەرایی ویۆتۆپیا خوازی و کورتبینی تاکەکانی ناوی. لەو خۆپێشاندانانەی دواییدا ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە رۆژهەڵاتیەکان چەندە توندڕەو و دەمارگیر و ناعەقڵانین. ئەمەش نەتەنها لە گۆترەوە بوترێ بەڵکوو بەو بەڵگە ئاشکرایانەی کە لە شاشەی راگەیاندنەکانی خۆیانەوە بەدەر کەوتن و بەو رق رشتنە بە ئاڵاکان و داهۆڵەکان و گۆپاڵ ومار و خاکەناز بەدەستەکان، وێنەیەکی ناشیرینتریان خستە بەردەمی رۆژئاوا هەتاوەکوو دووبارە ئەو وەسفانە لە نێو مێژوودا درووست ببنەوە. هەرچەند سەرنووسەری رۆژنامەی یۆلاندز پۆستن بەم شێوەیە رایگەیاند: *ئەم کاریکاتێرانە یاسای دانیمارکیان پێشێل نەکردوە بەڵام بێگوومان ئیحساساتی زۆرێك لە مووسوڵمانانیان بریندار کردوە کە لەمەڕ ئەم باسەوە داوای لێ بووردن دەکەم.*

ئەم خۆپێشاندانانە ئەوەندەی پێشاندانی عەتف و خۆشەویستی موسوڵمانان بوو بۆ پێغەمبەرەکەیان دە هێندە پێشاندانی دڕندەیی و ناشیرین رەفتاری ئەوان بوو بە گشت دنیا. دەکرا زۆر هێمنانە ئەم کارە کرابایە چونکە هیچ کات خۆپێشاندانی هێمنانە یاساغ ناکرێ بەڵکوو بە هەنگاوێکی مەدەنیانە لە قەڵەم دەدرێت. بەڵام ئەمە خۆی لە خۆیدا مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە و ناگەڕێتەوە بۆ ئەم چرکە ساتەی هەنووکە. هەروەك چۆن دوکتوور شاکر ئەلنابلسی(نووسەری ئوردونی) دەنووسێت:(لەبەر ئەوەی کە نەتەوەیەکی بیابانین و لە راوەدوونان و راکردن بەولاوە چیدی نازانین و بۆیە پەنامان بردە بەر شەقامەکان تا لەوێوە پێناسە لە کاردانەوەی خۆمان بکەیت لەو رووداوە. هەروەها لە شوێنێکی دیکەدا دەنووسێت:ئێمەی عەرەب کە خاوەنی جنێو و وڕێنەو قسەی زل و بێمانایین، پێویستە بۆ خۆمان و پێغەمبەرەکەمان داوای لێبووردن بکەین چوونکە خۆمانین هۆکاری درووستکردنی ئەو ژاوەژاوە گەورەیە کە بە گێلی خۆمان و بە پەلەکردن رووبەڕووی ئەو کێشانە بووینەوە).(٥)

کەس نالێت کە ئەو وێنە کاریکاتێریانە باش بوون ئەگەر هاتبایەو مرۆڤانە داواکان بەرز کرابانەوە بەڵام گشت دنیا دان بەوەدا دەنێت کە لەهەمبەر ئەو سەربڕینانەی رۆژئاواییەکان و بۆمب دانانەوە و تەقینەوە گەورەکانی هەردوو بورجە جمکەکەی ئامریکا و تەقینەوەکانی مادرید و هەناسە لێسەندنەوەکانی خێڵی حەمە و دەیان و دەیان هاوشێوەی لەو جۆرە، ئاسمان و رێسمانە. هەمیشە کارمان ئەوە بووە کە خوێن و مردن وێنا بکەین، ئەوە لە دینەکەمان و ئەوە لە خۆشمان. فەتواکانی خومەینی لە بەرامبەر "ئایاتی شەیتانی"ی سەلمان روشدی و مەلاکانی کوردستان لە هەمبەر "سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلام"ی مەریوان هەڵەبجەیی و فەتوای کوشتنی شێرکۆ بێکەس و کووشتنی عبدلخالەق مەعرووف و فەرەج فۆدە و دەیان و دەیان بیرمەند و لێکۆڵەر و نووسەری دیکە نیشاندەری پشتاوپشت هێشتنەوەی ئەو کوولتورەن کە لە نیمچەدورگەی عەرەبدا ماوەتەوە و لە دنیای مۆدێرن و گوزەری دەنگەکان بە زووترین کات جگە لە دڕندەیی و وەحشیگەری هیچی تری بەدواوە نیە.مێژوو هەمیشە

سەلمێنەری ئەو رەوشە پڕ لە دۆگمایەی رۆژهەڵاتی ناڤینە بە تایبەت لە عەرەب نشینەکاندا کە نووسین و لێکۆڵینەوە و تەنانەت قسەلێکردنیش لەو بارەوە بڤەیە و رووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ سەربڕین و فەتوا هەزەلیەکانی دۆگماکانە.(چارەنووسمان دەبێت بە چارەنووسی عەلی دەشتی و شێخ عەلی عەبدوولرەزاق ودووکتوور تەها حسین و مامۆستا مەحموود مەحەمەد و موعتەزیلەکان و چەندانی دیکەش)(٦)

باشە ئیتر ئەمە چ وڵامێکە لە بەرامبەر نووسەران و بوێژانی حەقیقەت. ئەگەر ئەمە لە حەقیقەت دوورە بۆ بە توندوتیژی وەڵام دەدرێنەوە و بە نووسین بەربەرەکانی ناکەن و پیرۆزیەتی دینەکەیان ناسەلمێنن، هەر لێرەدایە کە نالۆژیکی ترین وەڵامەکان لەم دەڤەرەدا سەرهەڵدەدەن و دەکەونە خانەی پراکتیکەوە. لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە کە ئەم فەتوا خەفەقانە چەندە توانیویانە کاریگەر بن لە بەربەست دروست کردنی شێواندن! یا تێکدانی! دینی ئیسلام؟

وەڵامەکەی جگە لە "هیچ" شتێکی دیکە نیە. چونکە دەبینین ئەم کردەوانە هەمیشە زۆرترین خوێنەر پەیدا دەکەن بۆ ئەو بەرهەمانە و هەموو دەم چاپیان دەگات بە زۆرترین ڕێژە. ئەم وێنە کاریکاتێریانە هەروا لە گۆترە و بە خۆڕایی نەکێشراون چونکە ئێمە پێشتر رۆژهەڵات ناسمان بینیوە و لە گشت رەهەندە مێژوویی و کوولتوریەکانی رۆژهەڵاتیان کۆڵیوەتەوە و ناسینێکی تەواویان بردوەتەوە بۆ نوێنەر و سەرکردەکانیان. بەتایبەت ئەمەش لە هەمبەر ئایینی ئیسلامدا زۆر دروستترە، چونکە زیاتر خۆیان داوەتە ئیسلامۆلۆژی کلاسیك و شرۆڤەی ئەم ئایینەو ئەو تووڕە بوونەشیان لەبەر چاو بووە، هەر بۆیە لە رۆشنایی ئەو زانیاریانە بێگومان ئەم کردارە شتێکی سوتفە و هەروا هەرەمەکی نەبووە. هەر بۆیە لێرەدا کێشەکە ئەو رۆژنامەیە و سەرنووسەرو وڵاتەکە نیە، بەڵکوو لێرەدا جووڵە و کرداری دەڤەرێکە کە ئەوان رێك لێرەدا مەبەستیان سەلماندنی ئەو تیۆرانەیانە کە لەبەرامبەر رۆژهەڵاتدا دایانڕشتوە. من لێرەدا کێشانی کاریکاتێرەکان ناو دەنێم "تاقیکردنەوەی مێتۆدی بەراوردکاری" کە رێك مەبەستی رۆژئاواییەکان بەراورد کردنی خۆیانە لەگەڵ رۆژهەڵاتدا و ئەو مەودا فراوانەی مرۆڤدۆستی و مرۆڤ _سەنتەریەی کە ئەوان هەیانە، بەڵام ئێمە نیمانە و دواتر سەلماندنی تیۆری خەتەر بوونی رۆژهەڵات لەسەر گشت مرۆڤایەتی و لەنێو بردنی سەرمایە گرینگەکانی مێژووی مرۆڤایەتی. رامین ئەحمەدی کارای مافی مرۆڤ لە بابەتێکدا لە ژێر سەردێری" ئەم عەقڵە خامە ببەرە مەیخانەوە" نووسیویەتی: هاوڕێ رووناکبیرەکانی ئێمە لەخۆڕا دلگرانی پێکدادانی فەرهەنگی ئێمەو دنیای رۆژئاوان، سەیرێکی ژیانی دەوروبەرمان بکەین لەبەر ئیسلام و پێغەمبەرەکەمان کە ئەوەندە پیرۆزیەتگەراییمان کردوە لە هەمبەریان کە ژیانی ئەوڕۆی ئێمە ئەسیری پەنجەکانی مەزهەبە.(٧)

دواجار ئەتوانین بابەتەکەمان بەوە کۆتایی پێ بهێنین کە هیچ شتێك دادمان نادات ئەگەر بێت و خاڵی بێت لە دیالۆگ. هەرچەند بەرامبەرەکەمان لەو دیالۆگە تێ نەگات بەڵام دواجار پەشیمان بوونەوە لەهەمبەر ئەو تیۆریەمان ئێمەش دەبینە کەسێکی وەك ئەو.

ژێدەر

١ـ پیامدهای مدنیت / ئەنتۆنی گیدنز ـ لاپەڕە ٢٥

٢ـ عەقڵ و هەست / کارل پۆپێر ـ لاپەڕە ٢٨

٣ـ عەلمانیەت و ئایین / د.محەمەد ئارکۆن ـ لاپەڕە ٦٧

٤ـ ماڵپەڕی www.bbcpersian.com چوارشەممە رێکەوتی ١ و ٢ی فۆریی ٢٠٠٦

٥ـ رۆژنامەی ئاسۆ ـ ژمارە ١٩٠ "عەقڵی عەرەبی و ئەفسانەی کاریکاتێری"، د.شاکر ئەلنابلسی ـ لاپەڕە ٤

٦ـ رۆژنامەی چاوەدێر ـ ژمارە ٦٥ "وتووێژ لەگەڵ مەریوان هەڵەبجەیی ـ لاپەڕە ٨

٧ـ ماڵپەڕی www.radiofarda.com بابەتی "دمکراسی و حقوق ب